بۆ بەڕێز کاک تەها بەرواری

سەعی سەقزی، قایشی

لە پێشدا ئاواتم شادیتانە!

وەک ئەزانین سمینارێک بۆ ئێوە و کاک دوکتۆر خالید سالح، لەلایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، تەرتیب درابوو. پێم وابێت ناوی سمینارەکە بەو جۆرە بوو:(سیمینارێک، سەبارەت بە دەستووری نوێی ئێراق و رووداوەکانی ئەمرۆ و دوا رۆژی کوردستان لە روژی ٢٠٠٥/١١/٥ لە‹ABF› لە ستۆکۆڵم بۆ بەڕێزان دوکتۆر خاڵید ساڵح راوێژکار و تەها بەرواری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سکاندیناویا). ئەو سمینارە لە هەمان رۆژ و هەمان شوێندا لە لایەن ئێوە بەڕێوە برا.

جێگەی داخە کاک دوکتور خالید بۆیان نەکرا بەشداری بکەن، خۆتان هۆکارەکەیتان باس کرد. منیش وەک گوێگرێک بەشداریم کرد و هەندێک پرسیارم خستە بەر دەستی ئێوە و بەشدارانی سمینارەکە، هەروەها باسی ئەوەم کرد، بەهۆی نەبوونی حکومەتێکی یەکدەست بە تاوانی ئەزانم ناوی حکومەتی کوردستان بەکار ببم، جا هەر بەو هۆیە ئەڵێم حکومەتی پارتی و یەکیەتی.

پاش کۆتای سمینارەکە، ئێوە چوونە سەر باسێکی دیکە، ئەوەیش گیرانی کەسێک بەناوی دوکتور کەماڵ سەید قادر لە هەولێر بوو، هۆکاری دەسگیرکردنی ئەوتان بیان کرد، کە جنوێ و وشەی ناشیرینی بۆ هەندێک کەس بەکار بردووە.

پاشان یەکێک لە بەشدارانی سمینارەکە لە نۆبەی خۆیدا ئاماژەی بە حەمەسەعید حەسەن و شێوە نووسینی ئەو کرد کە بەچ جۆرێکی ناشیرین دەنووسێت و خەلاتیش دەکرێن.

ئێوەیش وەلامی ئەو کەسەتان دایەوە، باسی شێوەی نووسینی حەمەسەعید حەسەن کرد، کە وەک دوکتۆر کەمال قسەی ناشیرین بەکار نابات.

منیش لەو کاتەدا بە پێویستم زانی، هەندێک زانیاری سەبارەت بە حەمە سەعید حەسەن، سەبارەت بە درۆ و دەلەسەکانی، بێ ئەدەبیەکانی، قسە و قسەلۆکەکانی حەمە سەعید حەسەن دەبارەی خودی خۆم و پشتوانیکردنی رادیۆی سەردەم، رادیۆی پارتی لە ستۆکۆڵم، لە ناوبراو، بەیان کەم.

پاش قسەکانی من، جێگەی داخە ئێوە وشەیەکی زۆر نا سیاسی و نا دیموکراتیتان بۆ من بەکار برد، هەروەها ئاماژەتان بەوە کرد: نووسراوەکانتم بینوە و یەک تەرەفەن و دەتوانم لە کۆڕێکدا باسیان بکەم.

لێرەدا، داواتان لێدەکەم بەزووترین کات تەرتیبی ئەو کۆڕە بدەن، تا دیدو بۆچۆنی و تێنییەکانی خۆتان سەبارەت بەو نووسراوانە بەیان کەن، هەروەها لە بەکار بردنی ئەو وشە لە لایەن ئێوەوە وەک خودی کاک تەها، وەک بەرێوەبەری ئەو سمینارە،و وەک نوێنەری حکومەتی پارتی لە سکاندیناودا بکۆڵینەوە. منیش ئامادەم بۆ گوێگرتن لە تێبینیەکانتان، ئامادەم بە بەڵگەوە وەڵامی پێویست بدەمەوە.

لێرەدا پیویستە ئاماژە بە یەک شت بکەم، شاید ئێستا ئێوە و خوێنەرانیش بڵێن:
تۆی سەعی سەقزی بە حەمە سەعید حەسەن ئەڵێت درۆ دەکات.... ، ئایا ئەو قسەی تۆ ناشیرین و بێ ئەدەبانە نییە کە بەکاری دەبەیت؟

لێرە بە ئێوە و خوێنەرانی سەوریش ئەڵێم: ئەوە تاوانی من نییە کە ئەو وشانەم نووسیوە، ئەوە کارنامە و پێناسەی ئەو نووسەرەی ئێوەیە! من ئامادەم بەڵگەوەی ئەونەتان هەم بەنووسراوە، هەم بەدەنگ بۆ دەسنیشان بکەم.

دووبارەی دەکەمەوە، وەک مافی خۆم داوای بەڕێوە بردنی ئەو کۆڕە ئەکەم
لەگەل سپاس بۆتان چاوەڕوانی کاتی کۆڕەکەم!

٢٠٠٥/١١/٦